# رژێمی ئیسلامیی ئێران، لەنێو زەریای ئاڵۆزی و قەیرانی سیاسی و ئابووریدا، پێینایە ٣٣ یەمین ساڵی دامەزرانییەوە!

سیروان کاوسی

٩/٢/٢٠١٢

لەساڵانی کۆتایی سەدەی بیست، سەدەی زانست و تەکنۆلۆژیا، سەدەی پێشکەوتنی دیمۆکراسی و بیری ئازادیخوازیی، راپەرینێکی سەرتاسەریی لەئێران هەڵگیرسا و، بووە هۆی رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشای دیکتاتۆر و، لەجێی رژێمێکی کۆماریی بەبیری بنچینەگرانەی ئیسلامییەوە دامەزرا.

دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامیی بەسەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینیی لەساڵی ١٩٧٩ی زایینیی، یاسا و نەریتی کۆنی هەزاران ساڵە و درۆشمی ئاینی و شۆرشگێرانە بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا سەپێندرا و هەموو داخوازییەکانی سیاسی و نەتەوەیی و ئابووری و چینایەتیی گەلانی ئێران پشتگوێخران.

گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان، کەساڵانێکی دووروودرێژ لەهەموو مافەکانی نەتەوەیی و فەرهەنگیی بێبەشکرابوو، دوای رووخانی یەکجاریی رژێمی دیکتاتۆر و رەگەزپەرستی حەمەرەزاشا، بەگەشبینییەوە دەیڕوانییە داهاتووی خۆی، بەڵام ئەوە بوو ئایەتوڵڵا خومەینیی لەگەڵ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەپێچەوانەی هەموو وادە و بەڵێنەکانی پێشووی، دەستیکرد بەپیلانگێران و، هێشتا چەند هەفتەیەک لەدامەزرانی حکوومەتەکەی تێنەپەڕیبوو، کە لە هەردوو پارێزگەی **ورمێ** و **سنە** شەڕێکی خوێناوی و نارەوای بەسەر گەلی کورددا سەپاند. پاشان بەبیانووی شەڕ لە **پاوە و هەورامان**، فەرمانی جیهادی لەدژی نەتەوەی بندەستی کورد دەرکرد و، دەیانهەزار لەپاسدارانی ئیسلامی و سەربازانی ئیمامی زەمانی رژاندە کوردستانەوە بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە هەر چەشنە نارەزایەتییەک لە کوردستان بنبڕبکات.

لەوساتەوە تاکو ئەورۆ، دەیانهەزار رۆڵەی کورد بەهۆی سیاسەتی شەڕخوازانە و داگیرکەرانەی ئەم رژێمەوە شەهیدکراون. سەدان ملیارد دۆلار سامانی سەرزەوی و ئاسەوار و کانزای کوردستان بەتاڵان براوە. بووجە و داهاتی کوردستان تەرخانکراوە بۆ سازکردنی لەشکرگە و پێگەی چەکداریی و بەخێوکردنی هێزی چەکدار و جاش و سیخوڕ و سازکردنی جبەخانە لەکوردستان و، خستنەڕێی شەپۆلی لەسەریەکی گرتن و دەستدرێژی و شکەنجە و لەسێدارەدانی لاوان و تێکۆشەرانی کورد و ئێرانی.

رژێمی ئیسلامیی ئێران، جگە لەوەی بەرامبەر گەلانی ئێران سیاسەتی گرتن و شکەنجە و سێدارە و تۆقاندنی پیشەکردووە، بەڵکو لەئاستی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین و هەموو جیهان، هاندەر و پشتیوانێک بووە بۆ پەرەپێدانی ئاژاوە و پشێوی و تێرور و پشتیوانیکردن لە رژێم و رێکخراوەکانی تێرۆریستیی لەناوچەکە. لەبەر ئەوە، ئەورۆکە نەک هەر لەئالیی نێوخۆی ئێرانەوە بەرەورووی نارەزایەتیی بەرینی جەماوەریی بووەتەوە،

بەڵکو لەلایەن دنیای ئازاد و دیمۆکراتیشەوە، بە کۆست و لەمپەرێکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و جیهان دەژمێردرێت.

**وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی و ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتیی پێیناوەتە قۆناخێکی هەستیار و چارەنووسسازەوە، ڕاپەڕینی گەلانی عەرەب، لەماوەی ساڵێکدا چەندین ڕژێمی دیکتاتۆر و سەرەڕۆی لەنێوبرد و، هەموو نیشانە و ئاماژەکان بۆ ئەوەدەچن، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی ڕەگەزپەرست و داگیرکەری سووریا، سەرە دێتە سەر ئێران.**

لێرەدا ئەوی جێی سەرسووڕمانە، ئەوەیە لەبارودۆخێکی هەستیاری وەک ئەمڕۆدا، هێشتا حیزب وپارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبیری پاوانخوازی و حیزبحیزبێنە و بەرژەوەندیی حیزبییەوە سەیری ڕەوتی ڕووداوەکان دەکەن و، بەتەمان دوای ڕووخانی ڕژێمی ئێران، هەریەکەیان بگەڕێتەوە، گەڕەک و کۆلانێک داگیربکەن و، وەک رابردوو بەبیری کوێخایانەوە لەگەڵ یەکدیی هەڵسوکەوت بکەن و، ناکۆکی و ئاژاوەی ٣٠ ساڵ ئەزموونی دوورەوڵاتیی، بەدیاریی بەرنەوە بۆ ڕۆژهەڵات!! هێشتا ئامادەنین لەسەر بچووکترین و سەرەتاییترین بەرنامەیەک ڕێبکەون کە لەخزمەتی بەرژەوەندی و ئامانجی نەتەوەکەیاندا بێت. لەبەر ئەوە ئەم ئەرکە مێژووی و نەتەوەییە بەرەوڕووی نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان دەبێتەوە کە پەلە بکەن لەسازکردنی ناوەندێکی کوردستانی و، هەموو کەسایەتی و ڕێکخراوەی نەتەوەیی کە باوەڕیان بە سەربەخۆیی کوردستان هەیە لەدەوری ئەم ناوەندە کۆبکرێنەوە، پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی دابڕێژرێ، میدیایەکی نەتەوەیی دابمەزرێندرێ و، بخرێتە خزمەتی پەرەپێدانی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی لەسەرتاسەری کوردستان. ئەمەش تاکەڕێگەیەکە بتوانێت بەشێوەیەکی بابەتانە و زانستانە خزمەتی ئامانجەڕەوا ولەمێژینەکانی گەلەکەمان بکا کە نێزیک بە ١٠٠ ساڵە لەپێناویدا قوربانیی بۆدەدات.

**سەرکەوێت خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لەپێناوی ڕزگاری یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا!**

**بژی ئازادیی، بژی سەربەخۆیی، بژیی کوردستان!**